## بەشداربوونی لاوێکی کورد لە پێشبڕکێ گۆرانی ئورووپا Eurovision



بۆ یەکەم جار لە مێژووی دامەزرانی پێشبرکێ گۆرانی ئورووپا " یۆرۆڤیژن " لاوێکی کورد توانی بگاتە ئاستی دووایی هەڵبژاردنی باشترین گۆرانیبێژ بۆ نوێنەرایەتی کردنی بەریتانیا لە پێشبڕکێ گۆرانی ئورووپا "یۆرۆڤیژن "لە یۆنانستان.

رۆژی شەممە ڕێککەوتی چووارەمی مارتی ٢٠٠٦ لە ئاهەنگێکی تایبەتدا کە ڕاستەوخۆ لە قەناتی یەکی تەلەڤیزیۆنی بی‌بی‌سی BBC1 بڵاو دەکرێتەوە، شەش گۆرانیبێژ کە گەیشتوونەتە دەورەی فینالْ گۆرانیەکانیان پێشکەش دەکەن و لەو شەش کەسە یەکێکیان هەڵدەبژێرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی بەریتانیا لە پێشبڕکێ گۆرانی ئورووپا " یۆرۆڤیژن " لە یۆنانستان.

**گۆران** کە لاوێکی کوردی نیشتەجێ لەندەنە، توانیویە بە سەرکەوتوویی ئاستەکانی ئەم پێشبرکێیە ببڕێت و بگاتە دەوری دووایی. گۆران، بە پێچەوانەی پێنج گۆرانیبێژەکانی‌تر، خۆێ دانەری ئاواز و هۆنراوەی گۆرانیەکەی خۆیەتی.

www.kurdistannet.org

28-2-2006 10:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سەرنجی هاونیشتمانانی بەڕێز ڕائەکێشین بۆ دیتنی ئەو ئاهەنگە و پشتیوانی کردنیان لە **گۆران** کە سەرکەوتووییکی ئەوتۆی بە دەس هێناوە.

دەتوانن لە کاتی بەرنامەکەدا بە تەلەفۆن دەنگ بدەن بە **گۆران**

بۆ ئاگاداری زیاتر سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە
http://www.bbc.co.uk/radio2/eurovision/2006/mymu/contestant_gorankay.shtml

کوردستان نێت